# پێشنیارێک بۆدوو حوکومەتەکە، فێلێکی سیاسی ویاسایی گەورە ... دانامستەفا

هێشتا سەدام نەڕووخابوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان کرد بەمەبەستی خۆ سازدان بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هەل ومەرجی تازە. کە خۆی لە بەگۆڕنانی سەرانی بەعسدا ئەبینیەوە، ، مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ئەولەویەتێکی گەورەی هەبوو، ، هەردوولاش کۆك بوون لەسەر ئەمە، بەلاّم بینیمان بەعسی گۆڕبەگۆڕ فرێ درایە زبلّدانی مێژووەوەوکەچی ئیدارەکان هەروەك خۆیان مانەوە..

دواتر هەلّبژاردن هاتە ئاراوە، ، وترا ئێستا لە هەموو کاتێ زەرور ترە ئیدارەکان یەك بگرنەوە، کەچی هەلّبژاردنیش کرا، ، پەرلەمانی نوێش دروست بوو هەر یەکیان نەگرتەوە..

سەیر لەوەدایە پەرلەمان بڕیاری داوە کە دووئیدارەکە یەك بگرێتەوە وبینیشمان کاك نێچیرەڤان ڕاسپێردرا بۆ تەشکیل کردنی حکومەتەکەی بەلاّم هەر نەکرا... دەستووری عێراق نووسرایەوە هەر یەکبوونەوە ڕووی نەدا، ، سبەینێش هەلّبژاردنی عێراقە، ، کەچی ئیدارەکان هەروەك خۆیانن... ئەی باشە بلّێی کەنگێ یەك بگرنەوە؟؟؟

تۆ بلّێی عێراق و کوردستان زروفی لەوە حەساس تر بەخۆیەوە ببینێت کە پیایدا تێپەڕین؟؟

جا ئەگەر ئەوان لەو کاتەدا یەکیان نەگرتەوە بلّێی کەی یەك بگرنەوە؟؟

جەماوەری کوردستان لە باسی ئەم مەسەلەیەدا تووشی خەیبەتول ئەمەل بوون، ، ئەشزانن یەکێتی و پارتی دوو برا بەشن، ، هیچیان ئامادە نین دەست لە بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەلّبگرن.... ئەگەر سەرۆك مام جەلال سەرۆکی عێراق بێت ئەبێت سەرۆك بارزانیش سەرۆکی کوردستان بێت.. ئەمەش دیسانەوە تەوازن و برا بەشی...

بە کوورتی و پووختی من لە ڕوانگەی هەست کردن بە لێپرسراوێتیمەوە بەرامبەر بە نەتەوەو نیشتیمانەکەم باشترین بیرۆکە پێش کەش بە هەردوو سەرۆك و هەردوو مەکتەبی سیاسی و هەموو گەلی کورد ئەکەم، وەکو ڕێگا چارەیەك بۆ دەرباز بوون لەم قۆناغەی ئێستاویەکگرتەوەی ئیدارەکان، ، داوام لە سایتی کوردستان نێت و بەڕێز عومەر فارس ئەوەیە ئەم پێشنیارانەم بە شێوەیەکی کاتیی لە لاپەڕەی یەکەمدا بۆبهێلّێتەوە........

پێشنیار

بابەت... پێشنیارێکی بەپەلە بۆ یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی هەولێروسلێمانی...

بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.

جەنابی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا، ، ئەوپیاوەی لە هەموو هەل ومەرجە دژوارەکاندا ڕێگەچارەو هەلّوێستی خۆی هەبووە..

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی یەکێتی وپارتی..

خۆتان ئەزانن هەلّبژاردنی عێراق زۆر نزیك بۆتەوە، ، ئەم جارە بۆ پێك هێنانی حکومەتێکی کاتی نیە، ، بۆیە چارەنووس ساز تر و گرنگ ترە، ، ، ئەو بەلّێنەی ئێوە بە خەلّکتاندا کە ئیدارەکان بکەنەوە بە یەك بەجێتان نەگەیاندووە... ئەگەر کارێك نەکەن ئەوا دەنگی جەماوەرێکی زۆر لە دەست ئەدەن، ، بەمەش هەلە ـیەکی سیاسی زۆر گەورە

لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا تۆمار ئەکەن، ، من پێشنیارێکی زۆر بە پەلەوخێرا ئەخەمە بەردەمتان، لە ڕێگەیەوە ئەتوانن لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا دووئیدارەکە بکەنەوەبەیەك، ، بەمەش جارێکی تر گوڕوتین بە هەستی نەتەوایەتی خەڵك ئەدەنەوەوبیانووش بەدەست هیچ لایەنێکەوە ناهێڵن.. هیوام وایە بە چاوی بایەخەوە تێی بڕوانن..

1. دووئیدارەکە ئەکرێنەوە بەیەك بە شێوەیەکی سطحی)
2. ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردووئیدارەکە لە پەرلەمانی کوردستاندا، ، سەرۆکی حکومەت لەپارتی بێت. جێگرەکەشی لە یەکێتی..
3. تەشکیل کردنی وەزارەتەکان بەپێی سیستەمی نیوە بە نیوە، ، هەروەزیرێکی یەکێتی جێگرەکەی پارتی ئەبێت، ، بە پێچەوانەشەوە... لە گەڵ پێدانی وەزارەت بە حزبەکوردستانیەکانی تر..
4. هەموو کتابە ڕەسمیەکان بکرێن بە یەك..
5. درووست کردنی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بە حکومەتە نوێیەکە بە مەبەستی هەڵمەتی بانگەشەوسڕینەوەی پاشماوەی پارچەپارچەیی و سیستەمی دوو ئیدارەیی..
6. لابردنی زاراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی یان هەولێر، ، و دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنها لە بری..

لە ڕووی بە ڕێوە بردنەوە.. جێگری سەرۆك وەزیران کە لە یەکێتی ئەبێت کاروبارەکانی ئیدارەی سلێمانی ئێستا بەڕێوە ئەبات، ، سەرۆك وەزیرانیش ئیدارەکەی خۆی وەك چۆن هەیە ئێستا..

ئەگەر وەزیرێك لە یەکێتی بێت ئەوا لە سلێمانی دا ئەنیشێ وکاروباری ئەوێ بەڕێوە ئەبات، ، جێگرەکەشی لە هەولێر کە پارتی ئەبێت خەریکی کاروباری ئەوێ ئەبێت وە بە پێچەوانەشەوە... بەواتا لە سلێمانی چەند وەزیرێك و چەندوەکیلێك کە لە یەکێتی ئەبن ئیدارە بەڕێوە ئەبەن لە ژێر سەرپەرشتی جێگری سەرۆك وەزیراندا کەهەر یەکێتیە، ، بۆ پارتیش هەمان شت..

دەزگاکانی تر وەك خۆیان ئەمێننەوە وەك و ئاسایش و پۆلیس و دەست کاریان ناکرێت... بەم شێوەیە ئەبینین بێ ڕوودانی هیچ گۆڕانکاریەکی جەوهەری کە هاوسەنگی لەنێوان پارتی و یەکێتی دا ناگۆڕێ، یەك حکومەتی ویەك ئیدارەیی درووست ئەبێت، ، ڕەزامەندی پەرلەمان بەدەست ئەهێنێ وئەبێتە حکومەتێکی شەرعی..

بۆ پتەوکردنی ناوو ناوبانگی ئەم حکومەتە نوێیە، ، وای بەباش دا ئەنێم کە...

1. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گەشتێك بەناو دام ودەزگاکانی حکومەتدا بکات لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری.
2. کەناڵی تایبەتی ڕاگەیاندن بۆ حکومەت بکرێتەوە
3. نابێ ناوەرۆکی بەیەك گەیشتنەکە بەم شێوەی کە ئێستا هەیە بۆ خەڵك بڵاو بکرێتەوە.

paywandahmed@yahoo. com